# گەلی ستەمدیدە و، بندەستی کورد!

## ڕۆژی ۲۰۰۷/۷/۲۴، هەشتا وچوارساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر پەیمانی نگریسی لۆزان، ساڵڕۆژی دابەشکردنی کوردستان!

نووسینی: سیروان کاوسی
ئۆسلۆ: ۲۰۰۷/۷/۲۲

پاش ئەوەی مستەفا کەمال (ئەتاترک) سەرۆک و دامەزرێنەری رژێمی رەگەزپەرستی ترکیا، بەهەوڵی دیپلۆماسی و، پاڵپشتیی رژێمی دژ بە ئازادیی یەکێتیی سۆڤێت، توانی "پەیمانی سێڤر" هەڵوەشێنێتەوە، لەرێکەوتی ۱۹۲۳/۷/۲٤، کۆنفرانسێکی نوێ لەلایەن دەولەتانی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا و رووسیا، لەشاری لۆزان لەولاتی سویس، بەسترا. مەبەست لە بەستنی ئەو کۆنفرانسە، کە بە "پەیمانی لۆزان" نێوی رۆیی، دارشتنەوەی سەرلەنوێی قەوارەی سیاسی و جوگرافی رۆژهەڵاتی ناڤین بوو. لەو رۆژەدا، برِیارێکی نامرۆڤانە و، دوور لەهەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی و نێونەتەوەیی لەدژی نەتەوەی کورد درا و، بەبێ ویست و ئاگاداریی نەتەوەی کورد، خاکی کوردستان و، تێکرِای دانیشتووانەکەی لەنێوان چوار رژێمی دەستکرد و رەگەزپەرست و درندەی وەک ئێران، عێراق، ترکیا و سووریا دابەشکرا. پارچەی پێنجەمی کوردستان کە بە کوردستانی سۆر نێودەبرا، کەوتەژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێتەوە.

دەوڵەتەکانی کۆلۆنیالیست، پاش دارشتنی قەوارەی نوێی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی درێژخایەنیان لەنێوچەکە، دەستیانکرد بە یارمەتیدانی سەربازی و فرۆشتنی چەکوچۆڵ و، پشتیوانیکردنی سیاسی و دیپلۆماسی لەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکردبوون.

راپەرینی کوردان لە ساڵانی نێوان ۱۹۱۸ – ۱۹۳۸ لە باشوور و باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراوی، لەلایەن داگیرکەرانییەوە بەدرندانەترین شێوە بەرپەرچدرایەوە. دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستیش، بە نیشانەی هاودەنگیکردن لە گەڵ رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پشتگیریی سەربازی و لۆجستیکییان پێدەکردن. پشتیوانیکردنی رژێمی سۆڤێت بەسەرۆکایەتیی ستالین لە ترکیا و، دژایەتیکردنی شۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیران، رووخانی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شای کورستان – شێخ مەحموودی نەمر، بە هاوبەشێکردنی سوپای عەرەب و ئینگلیز، هەروەها رووخانی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی، لەلایەن سوپای ئێران و، پشتیوانیکردنی ئەمریکا و

ئینگلیز لە رژێمی حەمەڕەزاشا، چەند نموونەیەکی ئەو گەلەکۆمە نێوچەیی و جیهانییانەن دەرحەق بە گەلی کۆیلە و بندەستی کورد، لەدوای بەستنی پەیمانی لۆزان ئەنجامدران.

رژێمەکانی دەستکرد و داگیرکەری کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزرانیانەوە، سیاستەتێکی هاوبەشیان بەرامبەر بە کورد گرتەبەر و، دەستیانکرد بە جێنۆسایدی ئابووری و فەرهەنگی و رەگەزی و، تالانکردنی کانزا و بەروبووی کوردەواری و، دەرکردنی کورد لەسەر زێدی خۆی، بەنیازی ئەوە کە نەتەوەی کورد لەنێو زمان و نەتەوەی خۆیاندا بتوێننەوە و، نێوی کوردستان لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕنەوە. بەکارهێنانی ئەم پیلانە رەگەزپەرستانەیە، لەدرێژخایەندا، کاریگەریی سامناکی بۆ کورد بەدواوە بوو. سنوورەکانیان بەڕووی کورد دا توندکرد. بە دەیان و سەتان هەزار، خزم وبنەماڵە لەیەکدیی دابڕان. لە سووریا و ترکیا، حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوە کرا. لە عێراق، سیاسەتی تواندنەوە و دەرکردن و، راماڵینی بەردەوام بەرامبەری پێرەوکرا، لە ئێرانیش، هەر لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا و، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس، هەموو نێوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، کە بریتییە لە پارێزگەی ورمێ، پارێزگەی سنە، پارێزگەی کرماشان، پارێزگەی ئیلام، پارێزگەی لۆڕستان، پارێزگەی بەختیاری و، پارێزگەی بوویەر ئەحمەد، نێوی کوردستان لەسەریان لابرا و، تەنیا چەند شار و شارۆچکەیان نێو نا کوردستان، کە نێوەندەکەی شاری سنەیە و، سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان بۆکان و سەردەشت و کامیارانەوە. سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران بەوێنەی رژێمەکانی پێشوو، هەر پاکتاوکردنی کوردە و بەردەوام هەوڵیداوە، کێشە و داخوازیی کورد لە رۆژهەلات، لە چوارچێوەی ئەو ستانە نەترازێت کە خۆیان نێویان ناوە کوردستان. هەروەک لەسەردەمی وتووێژی نێوان دەوڵەتی بەنی سەدر – یەکەمین سەرکۆماری رژێمی ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ شاندی نوێنەرێتیی گەلی کورد لە رۆژهەلات، دەوڵەتی ئێران جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، وتووێژ سەبارەت بەو نێوچەیە دەکات، کە نێوی ستانی کوردستانە!!

شایانی باسە، بەپێچەوانەی داگیرکەرانی ترک و عەرەب، کە لەرەگەزی ناکوردن و، کورد و ئەو دوو نەتەوەیە، بەپێی زانستی رەگەزناسی و زمانناسیی، خۆیان بە رەگەزی جیا لەیەک دەزانن، هاورەگەزبوونی کورد و فارس وەک رەگەزی هێندوئێرانیی، بووەتە هۆی ئەوە کە نەتەوەی فارسی داگیرکەر، لەم پێوەندییە رەگەزییە کەڵکوەربگرێ و، لەپێناو ئامانجی رەگەزپەرستانەی خۆیدا بەکاری بێنێت. بەردەوام پێشی لەوە گرتووە کە کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بدرێتە ناسین و، هەوڵدەدا زمانی کوردی و نەتەوەی کورد، وەک زاراوە و، بەشیکی جیانەکراوە لە گەلی فارس و ئێرانی ژێردەسەڵاتیان بداتە قەڵەم. ئەوەش وایکردووە تا رژێمی داگیرکەری ئێران، پتر لە داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بتوانێ ئەنفالێکی گەورەی فەرهەنگیی لەگەلی کورد بدات و، لەزۆر نێوچە و

مەڵبەند بەشێکی زۆر لەنەتەوەی کورد لەخۆیدا بتوێنێتەوە. هەروەک ئەوڕۆکە دەبینین، لۆڕستان و ئیلام و بەختیاری و بوویەر و ئەحمەد و ستانی بووشەهر، تووشی سەرلێشێواویی هاتوون و، ئێستاکە نازانن چین وسەر بە چ ڕەگەز و نەتەوەیەکن و، لەڕووی هەستی نەتەوەییەوە زیاتر خۆیان بەئێرانی دەزانن تا کورد. لە نێوچەکانی سەروووتریش وەک سنە و مەهاباد و ورمێ، هەستی کوردایەتی و ئێرانیبوون تێکەڵ بە یەک کراون و، بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی زۆر لاوازە. ئەو دیاردەیە لە باکوور وباشوور و ڕۆژاڤاش هەر بەو چەشنەیە و، بە زەقی و بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت!

داگیرکەرانی کوردستان، لەڕووی ئابووری وگەشەی پیشەسازییەوە، بەردەوام پێشیان لە ڕەوتی گەشەسەندنی ئاسایی و سروشتیی گرتووە. داهاتی نەوت و کانزا و سامانی کوردستان، لەماوەی ئەو هەشتا – نەوەت ساڵەدا، کە لە سەدان ملیارد دۆلار تێپەڕدەکات، سەرفی پێشخستنی پیشەسازی و ئاوەدانکردنی وڵاتانی داگیرکەر کراوە و، بەدەیان و سەتان هەزار کورد بەهۆی بێکاری و نەبوونی بژێویی، وەک هێزی کار، ڕوویانکردووەتە شارەکانی ولاتانی داگیرکەر. هەموو ساڵێکیش، بەشێکی ئەو داهاتەی لە کوردستان دەستکەوتووە، دراوە بە چەکوچۆڵ و، نەتەوەی کوردی پێ لەنێو براوە و، وڵاتەکەی پێ سووتێندراوە.

**بەکورتی، کوژرانی پتر لە ملیۆنێک کورد لە ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعید و ئیحسان نووری پاشا و سەید ڕەزای دێرسیم و، ڕاگواستنی ملیۆن و نیوێک کورد لە باکوور بۆ نێوچە ترکنشینەکان، لەنێوچوونی کۆماری خودموختاری کوردستانی سۆر لەلایەن دیکتاتۆری سۆڤێت – ستالین و، پەرشوبڵاوکردنی دانیشتوانەکەی بەنێو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤێت، هێرشی سەربازیی بۆ سەر باشووری کوردستان و، ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتیی کوردستان – بەسەرۆکایەتیی شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، وێرانکردنی پێنج هەزار گوند لە باشووری کوردستان و، کیمیابارانکردنی شار و نێوچەکان و ئەنجامدانی ئەنفالە بەدناوەکان لەلایەن ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەددامەوە، ڕووخانی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و،لەسێدارەدانی سەدان نیشتمانپەروەر لەرۆژهەلات، پاشان هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆنەپەرستی خومەینی و، دەرکردنی فتوای جیهاد لەدژی کورد و، هەموو ئەو کوشت وبڕ وماڵوێرانییەی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و، هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەسەری کورد هاتووە و ئەمڕۆ و داهاتوو بەسەری دێت، هەرهەمووی لەسایەی پەیمانی نگریسی لۆزانەوەیە. هەر بۆیە، پەیمانی لۆزان، سەرچاوەی هەموو بێبەختی و نەهامەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتنی کوردە لە کاروانی سەرفرازی و پێشکەوتن.**

**کورد چۆن لۆزان دەناسێ و،**
**بە چ شێوەیەک یادی لۆزان دەکاتەوە!**

خوێنەرەوەی بندەستی کوردا!

مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ، پێماننایە هەشتاوچوارەمین ساڵی کۆیلەتی و بندەستییەوە.
هەر لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و، قۆناخی جەنگی سارد، تا هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم و، تێپەڕبوونی ئەم چەندساڵەی دووایی لە هەزارەی سێیەمی زاین، بەسەدان نەتەوە، لەهەل و دەرفەتی تایبەتی مێژوویی هەڵکەوت بۆیان، سوودیان وەرگرت و، خۆیان خستە ریزی کاروانی گەلانی ئازاد و سەرفرازەوە. بەڵام نەتەوەی کورد، سەرەرای بەرپاکردنی چەندین راپەڕین و شۆرشی خوێناوی و، پرکارەسات، نەتەنێ بە کۆیلەتی ماوەتەوە و رووی ئازادی نەبینیوە، بەڵکو هێشتا هیچ ئاسۆیەکی رۆنی لێ دیار نییە و، چارەنووس و داهاتووی، وەک رابوردوو لێڵ و تاریکە.
هەروەک پێشتر ئاماژەمان کردپێی، ئەنجامەکانی پەیمانی نگریسی لۆزان، کە لەلایەن وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی جیهانییەوە بڕیاری لەسەر درا، گەورەترین ستەمی مێژوویی بوو دەرحەق بە نەتەوەی کورد کرا، هاوکات ئەو راستییەش باشدەزانین کە لە سەت ساڵی رابووردوودا، هەر بەتەنێ کورد، کۆت و زنجیری کۆیلەتی نەخرایە ملی، بەڵکو بەدەیان نەتەوەی گەورە و بچووکی دیکەش، نیشتمانەکەیان کۆلۆنی و ژێردەستی داگیرکەران بوو، بەڵام ئەو گەل ونەتەوانە، چۆن توانییان خۆیان رزگار بکەن و، هۆی چی بووە تاکو ئەمڕۆ، کورد نەیتوانیوە خۆی و نیشتمانەکەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانی دڕندە، رزگار بکات؟!
سەبارەت بە هۆکارەکانی رزگارنەبوونی کورد، ژمارەیەک لە لێکۆڵەوەران و، نووسەرانی کورد، راوبۆچوونی خۆیان لەم بارەوە نووسیوە، بەڵام زۆربەی نیشتمانپەروەران و، رۆناکبیرانی خاوەن هزری نەتەوەیی، لەسەر ئەو خاڵە کۆک و هاوبەشن، جگە لەئالیی دەرەکیی،هەروەها لایەنی سیاسیی نێوخۆی کوردیش، هۆکارێکی سەرەکی و بنەڕەتیی بووە، لە پەکخستنی بیری پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.
لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم، کە دەتوانین بە قۆناخی کۆتایی سەرکردەی کلاسیکی کورد نێوناسی بکەین، بەرە بەرە حیزب و رێکخراوەی سیاسیی، لە لەلایەن ژمارەیەک لە چینی خوێندەواری هوردەبۆرژوای کوردەواریی، بەهاندان ودەستێوەردانی حیزب و پارتەکانی کۆمۆنیستی ئێران و ترکیا و سووریا و عێراق، لەکوردستان پێکهاتن، کە ئەم پارتە کۆمۆنیست و شیووعییانەش، سەرزارەکیی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و، بەکردەوە و نێوەرۆک، رەگەزپەرست و دژ بە ئازادی و رزگاریی گەلی کورد بوون. لەگەڵ دامەزراندنی حیزب و رێکخراوەی سیاسی لە کوردستان، بەرە بەرە، دەستکرا بە دژایەتیکردنی بیری ئازادی و سەربەخۆیی کورد – بەنێوی برایەتیی گەلان و، مافی زەحمتکێش و سەروەریی پڕۆلیتاریا. خەباتی گەلی

کورد لە هەر پارچەیەک، راستەوخۆ گرێدرا بە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی رژێمە داگیرکەرەکەوە. ئەوجا بەلاساییکردنەوە لە شێوەی بەڕێوەبەرێتیی ولاتی پان وبەرینی یەکێتیی سۆڤێت، دروشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" و سوسیالیزم و، رژێمی کۆمۆنیستیی، لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر بەرزکرایەوە. بەم شێوەیە، سەرکردەیەتیی رێکخراوە کوردییەکان، رەوایەتییاندا بە جوگرافیای ولاتانی داگیرکەر و، خەباتی نەتەوەی کوردیان لە هەر بەشەی، کرد بە کێشە و باسێکی نێوخۆیی ئەو ولاتانەی کوردستان بەسەریاندا دابەشکرابوو. ئەوجا رێ لەبەردەم هاوکاریکردنی نێزیکوتوندوتۆڵ لەگەڵ داگیرکەران کرایەوە و، پێوەندیگرتن بە داگیرکەرانی کوردستانەوە، بوو بە ستراتیژ وچاوکانیی وەرگرتنی یارمەرتی دارایی و چەکوچۆڵ، بەبیانووی ئەوەوە سوود لەناکۆکیی نێوان داگیرکەران وەردەگرن و، گوشار دەخەنە سەر داگیرکەری بەشەکەی دیکە، بەنیازی وەرگرتنی مافی فەرهەنگی و، داوای بەڕەسمیناسینی حیزبەکەیان. پێڕەوکردنی ئەم شێوە خەبات و سیاسەتکردنە، لەرەوتی خۆیدا، بەرژەوەندیی ئابووری و، پلەوپایەی حیزبی و، بیری تەسکی حیزبایەتی و، پاوانخوازی و، نێوچەگەرێتیی، کرد بە کولتووری زاڵ بەسەر حیزبەکاندا. ئاشکرایە، داگیرکەرانیش، پاش ئەوەی بەتەواوەتیی ئەم حیزبانەیان وابەستەی خۆیان دەکرد، ئەوجا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان و، بەگژ حیزب و رێکخراوەی دیکە و، بزاڤی پارچەی دیکەی کوردیاندا دەدان و، کاتێکیش پێویستیان پێیان نەدەما، هەڵیاندەوەشاندنەوە، یان بەهاوبەشیی لەگەڵ داگیرکەری بەشێکی دیکەی کوردستان، پەلاماری هێزی پێشمەرگە و، بنکە و بارەگەیان دەدان و، پەرتەوازەیان دەکردن و، بەدەیان و سەتان گوند و کێڵگە ومەزرای خەڵکی بێدەرەتان و رەشوڕووتیش، بە ئاگری بۆمبا و چەکی قورس وێران و کاول دەکران و، ژمارەیەکی زۆریش بەرەوڕووی کوشتن و گرتن و دارکاری و، دوورخستنەوە لەسەر زێد و نیشتمانەکەیان دەبوونەوە.

خەباتی سیاسیی ئەم حیزب و رێکخراوانەمان، ساڵانی ساڵ بەم چەشنە درێژەی کێشا، ئەوڕۆکەش، سەرەرای سەرهەڵدانی گەورە و گۆرانکاریی گرنگ لەنێوچەکە و لەجیهان، سەرەرای سەرهەڵدانی دنیای یەکجەمسەری و، رووخانی رژێمی داگیرکەری سەددام و، لەشکرکێشیی رۆژاڤا بۆ نێوچەکە و، گوشاری بەربلاو بۆ سەر داگیرکەرانی ئێران و سووریا، بەڵام بۆ کورد وکێشەکەی هیچ نەگۆراوە. کورد، پاش رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، نەتەنیا نەیتوانی بەرەو رزگاریی یەکجاری و دامەزراندنی دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆ هەنگاوبنێت، بەڵکو،زۆر سووک و هاسان، ئەو نیوچە ئازادی و سەربەخۆییەشی لەدەستدا کە بۆ ماوەی ١٤ ساڵ، بە پشتگیریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیبوو. بێگومان، هەر گۆرانێکی سیاسی لەوڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان رووبدات، گەلی کورد لەو بەشانەش، هەر بەشێوەی باشووری کوردستان

کاردەکا و، ناتوانێت، بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی وبەختەوەریی هەنگاوهەڵبگرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پاش نێزیک بە سەت ساڵ خەبات و قوربانیدانی بەردەوام، هێشتا ستراتیژی سیاسی ونەتەوەییمان نییە. سەرکردەیەتیی حیزبەکان، بەردەوام ستراتیژ و ئامانجی نەتەوەییان، کردووە بە قوربانی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆیان و حیزبەکانیان. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، ئاستی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لەئاستێکی زۆر نزمدایە و، هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە کە بتوانێت بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بناسێت. هەروەک پاش رووخانی رژێمی سەددام، لەلایەن سەرکردەیەتیی حیزبەکانییەوە کڵاوی چووە سەر و، لە هەڵبژاردنێکدا بەشداریی کرد، کە جارێکی دیکە بوو بە هۆی کۆیلەکردنی خۆی و، بەدەسەلاتگەیاندنی چەند کەسێک لە سەرکردەیەتیی حیزبەکانی. ئێستاش، چاوەڕوانی ئەوەیە، دەولەتی عەرەبی هێشتا بێدەسەلاتی عێراق، کەرکووکی پێبداتەوە و، براگەورەیەکی باش بێت و، لەناردنی بووجە و داهاتی نەوت، درۆی لەگەڵدا نەکات!!!

بەکورتی، هیچ گەلێک لە دنیا نەبووە و نییە، بەوێنەی کورد، کارەساتەکانی بەسەری دێن و، بکوژانی گەورە و خوێنڕێژی لەبیر بباتەوە. لەبەر ئەوە هیچ کات نەیتوانیوە وانە و ئەزموون لە شکست و نەهامەتییەکانی وەربگرێت. دەبوو هەر لەدەیان ساڵ بەر لەئێستاوە، هەموو ساڵێک و، لەمانگی جۆزەردانەدا، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی ئەو دەوڵەتانەی لە دابەشکردنی کوردستاندا دەستیان هەبووە، خۆپێشاندانی چەند ملیۆنی لە نێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان رێکبخرایە و، داوا لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی بکرایە، تا پشتگیریی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بکەن. دەبوو پارتی و رێکخراوەکانی کوردستان، پاش ئەو هەموو تاقیکارییە سەرنەکەوتووانەی رابوردوویان، وازیان لە رێخستنی فشەکوردایەتی درۆزنانە و، تەفرەدانی کورد بهێنایە و، چیدی چارەنووسی کوردیان گرێنەدایە بە وڵاتانی داگیرکەرەوە و، یەکگرتووانە، پەیمانی نگریسی لۆزانیان لەقاو بدایە و، بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان، داوای رفراندۆمیان بۆ کوردستان بکردایە. دەبوو نووسەران و، رۆناکبیرانی کورد، بەنووسراوە و، بە سەمینار، گوشاریان بخستایەتە سەر حیزبەکان، کە واز لە درۆشم و بەرنامەی نانەتەوەییانە بهێنن و، درۆشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان، بکەن بە بەرنامەی خەباتی سیاسی و رێکخراوەییان، بەڵام مخابن، ئەو حیزبانەی کە سەرقاڵی شەڕ و ناکۆینانەوەی دەسەڵاتن، سەرقالی کۆتلە و کۆتلەبازی و دزی وتاڵانکردنی سامان وبووجەی خەڵکی رەشوڕووتی کوردستانن، کەی لێیان رادەبینرێ کار و خەباتی وا گەورە بکەن؟ ئەو نووسەر و بەنێو رۆناکبیرانەی کە زۆربەیان بوونەتە مووچەخۆر و زوڕناژەنی حیزبەکان، لەکوێ دەتوانن واز لە پارە و

سات و کاتی خواردنەوە و رابواردنیان بهێنن، ئەوجا گەلێک بەشایی و هەڵپەڕکێی هەڵبژاردنی وڵاتی داگیرکەر و،ساڵیادی لەدایکبوونی حیزبەکانییەوە سەرقاڵ بکرێت، لەکوێ کات و دەرفەتی بۆ دەمێنێتەوە بیرێک لە لۆزان و، ئاکامەکانی و، نەهامەتییەکانی بکاتەوە....!

کۆیلەتی تێکەڵ بە خوێن وکولتوورمان بووە. هێشتا زۆرمان ماوە لەو تاریکستانە خۆ دەرباز بکەین کە داگیرکەران و زوڕناژەنە رەنگاوڕەنگەکانیان بۆیان سازکردووین. بندەستی و کۆیلەتیمان هێندەی خایاندووە کە لەگەڵی راهاتووین، لەبەر ئەوە بەپێویستی نازانین هیچ هەوڵ و تێکۆشینیک بۆ رزگاربوونمان ئەنجام بدەین. .....

لەکۆتاییدا، نووسینەکەم، بەم دوو کۆپلە لەشیعری (سەدان ساڵە) ی هەڵبەستڤان و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان (عەبدوڵلا پەشێو) کۆتایی پێدێنم. بەهیوای گەیشتن بەو رۆژەی کە کوردستان بەیەکجاریی رزگاری بێ و، نەتەوەی کوردیش هەموو ساڵێک، نەفرەت لە پەیمانی لۆزان و، سەردەمی بندەستبوونی خۆی بکات و، وەک میللەتان، لە ئازادی و بەختەوەریی تەواودا بژیت و، هەموو ساڵێک جێژنی سەربەخۆیی کوردستان، بەگوێی دنیا بگەیەنێت!

**سەدان ساڵە**

**لەوێرانە ماڵی خۆمدا،**

**کتکە کۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.**

**سەدان ساڵە،**

**حەوشوبەرەی خۆم واڵایە و**

**لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.**

........................

**سەدان ساڵە،**

**وەکوو چنگێک دانەوێڵە،**

**ئاشی مێژوو فڕێی داوم.**

**هەر چوار دەورم شارۆچکەیە و**

**مێروولە دەمیان تێ ناوم.**

..................